www.kurdistannet.org

# بەڕێز ڕۆبسن، پەرلەمانتاری کەنەدی، بەشداری ئاهەنگی نەورۆز دەکات

ئارام عەزیز
AlanyAlLan@msn.com

لە شەوی ٣١/٣٠ ی مارت دا، بۆ یەکەم جارکوردنیشینی ناوچەی بریتیش ـ کۆلۆمبیای کەنەدا یەکگرتووانە وەك یەك کۆمەڵەی کوردی توانیان خۆشبەختانە پێکەوە ئاهەنگی ئەمساڵی نەورۆز بگێرن بە بەشداربوونی هەموو چارت و ڕێکخراوە کوردستانی یەکان .

ئەوەی شایەنی ئاماژە پێکردنە، بەڕێز سڤێند ڕۆبسن Svend Robinson ،پەرلەمانتاری کەنەدی ی سەر لیستی پارتی دیموکراتی نوێ، کە بە دۆستی گەلی کورد ناسراوە، ووتارێکی گرنگی بۆ سەدان کەسی ئامادەبووی ئاهەنگەکە خوێندەوە و وە لە میانەی ووتارەکەیدا نەورۆزی بە ڕۆژێکی نووێ و سەرەتای ڕزگاری و ئازادی گەلی کورد هەڵسەنگاند. وە لە هەمان کاتدا پێویستی لەبیر نەکردنی ستەم و چەوسانەوەکانی سەر میللەتی کوردی بەگرنگ زانی بۆ هەمووان.

لە درێژەی ووتارەکەیدا، ئاماژەی بۆ بێ دەنگی حکومەتی کەنەدا کرد لە بەرامبەر کێشەی کورددا وە پێشنیاری ئەوەی کرد کە کەنەدا دەبێ لەبەرامبەر ئەم ستەم چەوسانەوەیەی میللەتی کورد بێتە دەنگ .هەروەها ووتی کە کاتێ نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە تیرۆر و کۆتایی هێنان بە کاری تیرۆریستی دەکەن دەبێ بەرەسمی ڕژێمەکانی تورکیا و ئێران و سوریا و عێراقیش وەك تیرۆریست بە ئاشکرا لە قەڵەم بدرێن و کارە تیرۆریستەکانشیان دژ بە گەلی کورد ئاشکرا بکرێن . لەلایەکی ترەوە بەرێز ڕۆبسن ووتی هیواداره کە نەورۆزی ئایندە بەشداری ئەم ئاهەنگە لە کوردستانێکی ئازادا بکات هە تا لە نزیکەوە هاوکاری تێکۆشانی گەلی کورد بکات تا گەییشتن بە ئامانجە ڕەواکانتان و وە ئومێدەوارە جەژنی نەورۆزی داهاتوو بە ئازادانە لە لەسەرتاسەری کوردستان دا بگێردرێ.

سەرەڕای ئەمانە بەڕێز ڕۆبسن پشگیری خۆی لە داواکاری یەکانی "کەمپیینی هەڵەبجە و ئە نـفـال" ڕاگەیاند بۆ بە تاوانبار ناسینی ڕژێمی عێراق و وە پاڵپشتی دادگایی کردنی تاوانبار " نزار الخزرجي" وەك یەکێك لە بەرپرسیاراران و جێبەجێکەرانی سیاسەتی جینۆسایدی کورد.

جێگای خۆیەتی بگوترێ کە خاتوو "نایۆمی" ڕاوێژکاری کاروباری کۆمیتەی کوردی لە شاری ڤانکۆڤەر بەڕێز"کریس مریسن" سەرپەرشتیکاری کاروباری خزمەتگووزاری پەنابەران ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە ئامادەکردنی ئاهەنگەکە وە گۆرانی بێژ" لەیلا فەریقی" بە دەنگ خۆشی بۆ ماوەی پێنج سەعات ئاهەنگەکەی ڕازاندەوە.